لەم ژمارەیەدا
ل٤ دۆزەخی ئێمە و بەهەشتی ئەوان
ل٥ خۆپیشاندان یان ڕا پەڕین؟
ل٦ سێکس لەنێوان پیرۆزیو بەرەڵایدا
ل٧ منیش ئەنفال کریام

ROJI GEL
# ڕۆژی گەل
هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیریی گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە (١٥٥) یەکشەممە ٢٠٠٦/٨/٢٠

## پێشنیازبڕیارێکی سەرۆکی ئەمریکا هەڵدەوەشێندرێتەوە

جۆرج بووش سەرۆکی ئەمریکا ساڵی ٢٠٠١ پێشنیازبڕیارێکی دەرکردبوو، بۆ ئەوەی لایەنە پەیوەندارەکان بۆیان هەبێ گوێ لەگفتوگۆی تەلەفۆنی خەڵك بگرن، دەزگای سیخوڕیو پۆلیسی فیدراڵی لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێشنیازبڕیارەدا کۆنترۆڵی تایبەتیان لەسەر تەلەفۆنەکانی حکومەتو خەڵك دانابوو، بەڵام یەکێتی ئەمریکا بۆ ئازادی جڤاکی سڤیل دژی ئەو بڕیارە ڕاوەستابوو، بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە پەنایان بۆ دادگە بردبوو، سەرەنجام دادوەری فیدراڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەفەرمانێکیدا ئەو پێشنیازبڕیارەی هەڵوەشاندەوەو ڕایگەیاند کە ئەمە پێچەوانەی دەستوورەو دەبێ دەستبەجێ ڕابگیرێ.

# بەمەبەستی تیرۆرکردنی تێکۆشەران، هێزی تارمایی تورك ڕەوانەی باشووری کوردستان دەکرێ



بەگوێرەی هەواڵەکان، ڕژێمی تورکیا بەمەبەستی تیرۆرکردنی سەرکردەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان هێزی تارمایی کە هێزێکی مەشقپێکراوی تایبەتی دەزگای سیخوڕیو سەربازیە ڕەوانەی باشووری کوردستان کردووە.

بەگوێرەی هەواڵەکان ئەو هێزە تایبەت بۆ کوشتنو تیرۆرکردنی نەیاران پەروەردە کراون، بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتووەوە ڕەوانەی باشووری کوردستان کراونو ئێستا لە ناوچەکانی باتوفە، ئامێدی، شیلادزێو کانی ماسێ شوێن پێی خۆیان کردۆتەوە.

بەگوێرەی ئاژانسی ANF پێوەندی هێزی تارمایی لەگەڵ بەرەی تورکمانی عێراق پێوەندییەکی تۆکمەو ستراتیژییە.

هێزی تارمایی وەك لەناوەکەیەوە دەردەکەوێ ئامانجی شاراوەو خۆحەشاردانی تایبەتی هەیەو بەئاسانی شوێن پێیان هەڵناگیرێو نادۆزرێنەوە.

هەندێك لەچاودێران پێیانوایە ڕەوانەکردنی هێزی تارمایی بەتەنیا بۆ تیرۆرکردنی تێکۆشەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان نیە، بەڵکو سەربەخۆخوازانی کوردستانو تێکۆشەرە ناودارەکان دەکەنە ئامانجو دەیانەوێ گورزی کاریگەر لەبزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بدەن. لەم پێوەندییەدا چاودێران پێیانوایە کە هێزی تارمایی ناکام دەمێنێتەوەو ناتوانێ ئەرکی پێسپێردراوی خۆی ئەنجام بدات، چونکە بەرەی تورکمانی کە ئەرکی چاوساغی کردنی لەئەستۆگرتووە، پێگەیەکی لەرزۆکی لەنێو هەندێ شاری باشووری کوردستان هەیەو هیچ پێگەو شارەزایی لەسەر شارۆچکەو ناوچە شاخاویەکانی کوردستان نیە.

تا ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی ئەم هەواڵە لەلایەن لایەنە پەیوەندارەکانەوە، سەرڕاست یان بەدرۆ نەخراوەتەوە

## شاندێکی ئیسرائیل لەگەڵ ڕوبەیعی کۆدەبێتەوە



بەرەو بەغدا ڕۆیشتوونو لەفڕگەی نێودەوڵەتی بەغداد لەلایەن موەفەق ڕوبەیعیەوە پێشوازییان لێکراوە.

بەگوێرەی هەواڵێکی ماڵپەڕی ئەلوەتەن، سەرەتای ئەم مانگە شاندێکی حکومەتی ئیسرائیل بە سەرۆکایەتی ناحوم موردەخای سەردانی بەغدایان کردووەو لەگەڵ موەفەق ڕوبەیعی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق کۆبوونەتەوە. هەرچەندە نازانرێ ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە چیبووە، بەڵام ڕۆژی ١١-٨-٢٠٠٦ ڕوبەیعی دەرفەتی ڕەخساندووە تا شاندەکە لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی بەتایبەتیش عەبدولعەزیز حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق کۆببێتەوە.

بەگوێرەی هەواڵ ناحوم موردەخای بەیاوەری ٥ بەرپرسی دیکەی ئیسرائیلی بەفڕۆکەیەکی بچووك لەئیسرائیلەوە

## یەك – کۆم بارەگاکانی خۆی دادەخا

فیدراسیۆنی کۆمەڵەکانی کورد (یەك- کۆم) کەشوێنی کارکردنی لەئەڵمانیادایە، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: بۆناڕەزایی دەربڕین لەبەرانبەر ئەو زۆرداریەی کە لەئەورووپا دەرهەق بەکوردان دەکرێ، بڕیاری داوە ڕۆژی ٢١-٨-٢٠٠٦ تەواوی بارەگاکانی خۆی لە شارەکانی ئەڵمانیا دابخات.

محەمەد دەمیر سەرۆکی یەك- کۆم لە لێدوانی خۆیدا لەسەر ئەو ستەمە ڕاوەستا کە لە ئەڵمانیا دژ بە کۆمەڵەکانی کوردان ئەنجام دەدرێن، کەسانی وڵاتپارێز دەگیرێن، گوێ لەتەلەفۆنەکانیان ڕادەگیرێو دۆزی تایبەتیان لەدژدا دەکرێتەوە. ناوبراو گرتنی موزەفەر ئایاتا، نەدیم سەوەنو ڕەزا ئەردۆگانی بەنموونە هێنایەوەو دیاری کرد کە ئەم پیلانە لەسەر داواو بۆ بەرژەوەندی تورکیا ئەنجام دەدرێن، دەبێ کوردیش ناڕەزایی پێشان بداتو هەڵویست بنوێنێ.

یەك- کۆم فیدراسیۆنی ٦٥ کۆمەڵەی جۆراوجۆری ڕەوەندی کوردی لە ئەڵمانیایە، چالاکترینو ناسراوترین کۆمەڵەی کوردی ئەورووپایەو ساڵانە کۆنفرانسی خۆی بەڕێوەدەباتو گەلاڵەڕێژی بۆ کاروچالاکیەکانی خۆی دەکات، داخستنی بارەگاکانی ئەم فیدراسیۆنە واتای ناڕازی بوون لەبەرانبەر سیاسەتی حکومەتی ئەڵمانیا دەگەیەنێ.

## دکتۆری تایبەتی ئەنوەر سادات، نهێنیەکی ترسناك ئاشکرا دەکا

دکتۆر مەحمود جامع، پزیشکی تایبەتی ئەنوەر سادات، سەرۆکی کۆچکردووی میسر لەراگەیاندراوێکیدا بۆپێگەی (ئەلعەرەبیە نێت) دیاری کردووە، ساڵی ١٩٦٩ کاتێك لەگەڵ ئەنوەر سادات سەردانی سوریەی کردووە، ئەنوەر سادات پێیڕاگەیاندووە کە حکومەتی سوریا لەبۆندەیەکی نهێنیدا جۆلانی بەئیسرائیل فرۆشتووە. بەگوێرەی قسەی ئەو دکتۆرە ئەنوەر سادات ئەوکات کە جێگری سەرۆکی میسربووە ئەو ڕاستیەی بەجەمال عەبدولناسر ڕاگەیاندووە. ئەو دکتۆرە دەڵێ: سادات پێی گوتم: جۆلان قوربانی ڕێککەوتنێکی ترسناکی نێوان سوریەو ئیسرائیلە، تەمووزی ١٩٦٧ بەملیۆنان دۆلار بە ئیسرائیل فرۆشراوەو لەڕێگەی ڕەفعەت ئەسەدی برای حافز ئەسەدەوە ئەو پارەیە ڕەوانەی سویسرا کراوەو لەبانکێکی تایبەتدا دانراوە. دکتۆر مەحمود دەگێڕێتەوەو دەڵێ: سادات گوتوویەتی کاربەدەستانی یەهوود لەفەرمانڕەوایانی دیمەشق دڵسۆزترو وەفادارترن.

## ڕۆژەڤ

### ئەگەر دەتانەوێ

ماوەیەکە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم، بەتایبەتیش ڕێزدار سەرۆکی هەرێم جەخت لەسەر پێکهێنانی دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکاتەوەو وتەکانی خۆی لەسەر دیموکراتیزەکردنی باشووری کوردستان چڕ دەکاتەوەو دەخوازێ بەرەو ئاواکردنی کۆمەڵگەیەکی سڤیل هەنگاو بهاوێژرێ.

ئەگەر دیموکراتیزەکردنو کۆمەڵگەی سڤیل ئامانج بن، پێویستمان بە بەرنامەی کارو هەنگاوی کردەیی دەبێ. بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری بەرەو دیموکراتیزەکردن ڕێبگرێو هەوڵی ئافراندنی جڤاکی سڤیل بەرهەمدار بێ، گەرەکە لەدەستپێکدا ڕەوشی سیاسیو ژیانی حزبایەتی ئاساییو سروشتی بکرێنەوە.

ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی سیاسی بەهاوێرکردنی دەستەڵاتەکان، سروشتیکردنەوەی ژیانی حزبایەتیش بەجیاکردنەوەی دەستەڵاتی حزب لەحکومەتو کەمکردنەوەی بارەگاکانی حزبەکان بەرجەستە دەبێ. مخابن وێڕای ئەوەی پرۆسەی ئاشتەوایی ئاکامی بەرهەمداری هەیە، نێوماڵی کوردستانیان ڕێکخراوەتەوە، بەڵام حزبە دەستەڵاتدارەکان نە هەوڵی کەمکردنەوەی بارەگاکانیان دەدەن، نە سیمای شارستانیش بۆ شارەکان دەگێڕنەوە. نە قەیرانو کێشەکانی ڕۆژانەی خەڵك لەپێش خەمی حزب دادەنێنو نە دەستوبردیش لەچارەسەرکردنی گرفتو ئاڵۆزیەکان دەکەن.

ئەگەر دەڵێین ڕەوشی باشووری کوردستان لەوڵاتان دەرهێنراوەو سیمای تایبەتی پێدراوە، لەوانەیە لێکدانەوەی نادروست بۆ ڕامانەکەمان بکرێ، دەنا لەکام شارێکی جیهاندا بەئەندازەی هەولێرو سلێمانیو دهۆك بارەگای حزبییان تێدایە!!. کام کۆمەڵگەی دونیا بەشێوازی کۆمەڵگەی کوردەواری شێوێندراوەو دەستی داهێنانو بەرهەمێنیێ تێدا کورتکراوەتەوە!، حزبە دەستەڵاتدارەکانی کام وڵات بەچاویلکەی حزبە دەستەڵاتدارەکانی ئێمە لەحکومەتو گەلو نیشتمان دەڕوانن!.

ئێستا لەسۆنگەی ئەو سیاسەتە نارۆشنەدا شارەکان بوونەتە مۆڵگەی چەکدار، کۆڵانو شەقامەکان گیراون، کۆسپو تاسەی دەستکرد لەزۆربوون دان، بازاڕو گەڕەکەکان پڕاوپڕ لەتابلۆو بارەگای حزبین، ساڵانە بەملیۆنان دۆلار لەبۆنەو ساڵیادەکاندا بەفیڕۆ دەدرێن. لەبەر کاروانی ئۆتۆمۆبیلی بەرپرسەکان شەقامو ڕێگەوبانەکان دەگۆڕدرێن. کێبەرکێی زۆرکردنی بارەگای جۆراوجۆری حزبی گیانی وڵاتپارێزیو نیشتمانپەروەری لەناخی خەڵکدا دەکوژێو هەوڵی خۆ دەوڵەمەندکردنو کۆکردنەوەی سەروەتو سامان برەو پێدەدا.

لەسۆنگەی ئەو ڕاستیانەوە، دەڵێین: ئەگەر مەبەست دیموکراتیزەکردنی کوردستانە، با پانتایی ئازادی ڕادەربڕینو ڕۆژنامەوانی ئازاد بەرفراوانتر بکرێن. ئەگەر ئامانج کۆمەڵگەی مەدەنیو شارستانییە، با بنکەو بارەگای حزبەکان لەنێو شارەکاندا کەمبکرێنەوە. ئەگەر باس لەدادپەروەریو یەکسانی دەکرێ، با جیاکاریو هاوێرکاری لەبەرانبەر وڵاتییان نەکرێو پاڵپشتی حزبی وەك بەمەرجی دامەزراندن لەدامودەزگاکانی حکومەت هەڵبگیرێ. ئەگەر بە ڕاستی باس لەچاکسازیو بنبڕکردنی گەندەڵی دەکرێ، با لەدەستپێکدا سەروەتو سامانی بەرپرسان بپێورێن، لیژنەی دەستپاکی چالاکو کارا بکرێو دەستەڵاتی پێ بدرێ تا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات.

